گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندە کولتورییەکان لە ڕۆمانی "شمشێری مووسا"ی سابیر ڕەشید دا

**پ.ی.د.محەمەد ئەحمەد حەسەن**
زمانی کوردی, کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە , زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Mohammed.hasan@su.edu.krd

**رسول حمد رسول**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان
عێراق.
rasulhamad1975@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢٥
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**وشە سەرەکییەکان**
*Culture, diversity, the other, novels, religious difference*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.25

**پوختە**

ئەگەر لە ڕابردوو بەتایبەت سەدەی نۆزدە لە ئەورووپا، ڕۆمان خزمەتێکی زۆری بە مرۆڤ و دۆزەکەی کردبێت، نەخاسمە وەک سەکۆیەک بوویێت، بۆهێنانەئارای چەمکی نەتەوە و بنیاتانی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە ئێستادا ڕۆمان بە ئاڕاستەیەکی تری گرنگدا گوزەر دەکات، بەرەو جیهانگەرایی فیکر و کولتوور هەنگاو دەنێت، بە جۆریک لە هەناوی خۆیدا دید و ڕوانگەی تازەی سەردەمی پەرە پێدەدات، بە شێوەیەک هەموو کولتوور و شوناسەکان دەتوانن لەم ڕێگەیەوە، گوزارشت لە بوون و مانی خۆیان بکەن. لەم ڕوانگەوە لەپێناو دەرخستن و نماکردنی هەوڵی بەردەوامی بەشێک لە ڕۆماننووسانی کورد، بە پشتبەستن بە ڕۆمانی کوردی، بۆ نیشاندانی دیدو ڕوانینی مرۆڤی کورد، هاوتەریب بە ڕوانین و دیدگای ئەوانی تر، لە کولتووری جیاوازی نەتەوەکانی تری دنیا، تەقەللا دەدەین تاوەکو هەموو دید و ڕوانینە جیاوازەکان لە بۆتەی دیدگای تایبەتی ڕۆماننووس خوییا بکەین، بە جۆرێک وێنای جیاوازی کولتوورەکان، بەهاو پێوەری جیاوازی ماددی و مەعنەوی مرۆڤەکان، دیدگاو ڕوانینە تەباو ناتەبای کارەکتەرەکان، زەمینەی گەشەی فیکری و مەعریفی کارەکتەر و ڕووداەکان، هۆکارە خودی و بابەتییەکانی پشت هەڵکشانی بەردەوامی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەونی ڕووداوەکان، بە وردی بخەینەڕوو، ، بە تایبەت کە لە رابردوو ئەم تەرزە لێکۆڵینەوە وردانە ئەنجام نەدرابن. لە لایەکی تر یەکێک لە کایە گرنگ و زیندووەکانی ئێستای هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان، بریتییە لە (کولتوور) وەک بنەمایەک بۆ ژیان و گونجانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەری.
لەم ڕوانگەوە لەم توێژینەوەیەماندا دەمانەوێت لە ڕێگەی ڕۆمانی کوردی، بچینەوە سەر ئەو جیاوازییە کولتوورییانەی لە چوارچێوە و جوگرافیای کوردستان لە نێوان کولتوورە جیاواز و هاوسێکان بوونییان هەبووە، مێژووێک لە پێکەوەبوون و ململانێی فیکری و ئایینی تۆمارکردووە. یەکێک لە بەرهەمە تازەکانی ئەم بوارە ( شمشێری مووسا) ی ڕۆماننووس (سابیر رەشید)، بەو پێیەی پانتاییەکی زۆری ڕۆمانەکە، بگرە گرێی سەرەکی ڕووداوەکان لە سەر بنەمای جیاوازی کولتووری و فرەیی بنیات نراوە، هاوکات ڕۆمانەکە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر نەنوسراوە، بۆیە ئەم باسە لەم بوارە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی دەبێت.

## پێشەکی

ڕۆمان، هونەرێکە بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە، بە یەکێک لە هونەرە کاریگەرەکانی سەردەم ئەژمار دەکرێت، چونکە لە ناوەڕۆک و پێکهاتەیدا، جۆریک لە تایبەتمەندی و توانای لەخۆدا هەڵگرتووە، هەمیشە دەتوانێت بە وردی گوزارشت لە پانتاییەکی فراوانی مەعریفی و فیکری بکات، گوزارشت لە زیندوێتی مرۆڤ وەک (تاک) بکات. پارێزگاری بەردەوامی پرۆسەی داهێنانی مرۆیی بێت. هەموو ئەو نەگوتراوانە بڵێت، کە هونەرەکانی تر ناتوانن خۆیانی لەقەرە بدەن. بۆیە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ئەم هونەرە ، دیوێکی دیاری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیایە، لەسەر ئاستی شارستانی و تەکنەلۆژی و گەشەی ئابووری و سیاسی، دیارە ئەم شیانە بەشێکی بۆ تایبەتمەندی و سروشتی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە، بەشەکەی تری پەیوەستە بە تواناو لێهاتوویی هەم نووسەر، هەم ئەو خوێنەرانەی دەتوانن بە وردی درک بە قووڵی واتا شاراوەکانی بکەن .

ئەم توێژینەوەیەمان بە ناوی (ڕەهەندە کولتوورییەکان لە ڕۆمانی شمشێری مووسای سابیر ڕەشیددا) هەوڵێکە بۆ توێژینەوە کولتوور و کاریگەری کولتوور لەسەر مرۆڤەکان. ئێمە هەوڵمانداوە لە ڕێگەی مێتۆدی (ئەنترۆپۆلۆجیا- مرۆڤناسیی) فەیلەسووف (کلۆد لیڤی شتراوس)ەوە لە کولتوور بکۆڵینەوە. بەو واتایەی لەو ڕێگەیەوە لە بنیادی مەعریفی و عەقڵی و ڕۆشنبیریی تاکی کورد بکۆڵینەوە. بزانین چۆن کولتوور تاکی کوردی دروست کردووە و لە ڕۆماندا ڕەنگیداوەتەوە. توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆرییە بە ناوی (کولتوور لە رووی تیۆرییەوە). ئەم بەشە لە چەند پارێک پێکهاتووە، بۆ نموونە لە پاری یەکەم لە زاراوە و چەمکی کولتوورمان کۆڵیتەوە بۆ ئەوەی ریشە و پێناسەی زاراوەکە بخەینەڕوو. لە پاری دووەم لە ریشەی ئەم چەمکەمان کۆڵیتەوە لە ڕۆژئاوا. لە پاری سێیەم کارمان لەبارەی چەمکی فرەیی وەکو بنەمایەکی کولتووری کردووە. هەرچی بەشی دووەمە، کە بەشێکی پراکتیکییە. لەم بەشەدا کارمان لەبارەی چەند ڕەهەندێکی کولتوورەوە کردووە و لە ڕۆمانی شیری مووسادا پراکتیکمان کردووە. بۆ نموونە ڕوانین بۆ جیاوازی ئایینی، جیاوازی ئایینی و ململانێی ئایینەکان و ڕوانین بۆ ئەویدی. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێک دیاری کردووە و لیستی سەرچاوەکانمان بە سیستەمی هارڤارد ڕیزکردووە.

## بەشی یەکەم: کولتوور لە ڕووی تیۆرییەوە

### یەکەم: چەمک و زاراوەی کولتوور

کولتووور، بە یەکێک لە چەمکە گرنگ و کاریگەرەکانی ئێستای دنیای لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، لە بواری کۆمەڵناسی و ئەدەبناسی و دەروونناسی و ..هتد. و چەندین بواری دیکەی زانستە مرۆییەکان ئەژمار دەکرێت، بەشێک لەو کاریگەرییە بۆ ڕۆڵی گرنگی ئەم چەمکە و ئامادەیی تەواوی لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی کولتوور هەمیشە چەترێکی گەورەی کۆکەرەوەی تاکەکان بووە و شوناس و پێناسی بەردەوامی گەلان بووە.

لەسەر بنەمای ئەوەی ( کولتوور) ی زمانی کوری بە واتا و وەرگێڕدراوی ( cultur ) ی زمانی ئینگلیزی و بەرامبەری ( الثقافة) ی زمانی عەرەبی بە کاردێت، تاوەکو ئێستا وەک خۆی شوێنی خۆی لە نێو ئەدەبیات و تەنانەت لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانیش نەگرتووە، لە بەشێک لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، کولتوور وەک کەلەپوور ( التراث ) وێناکراوە، نەک بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، کە شێوازی ژیان بە هەردوو دیوی ماددی و مەعنەوی ژیان دەگرێتەوە .وەک نموونەیەک بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان ئاماژە بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی دەکەین، کە نامەیەکی ماستەری زانکۆی دهۆکە، بە ناوی ( رەنگڤەدانا کەلتووری د رۆمانێن، محمد سلیم سواری) لە لایەن (مەردان رفعت ابوزێد) نوسراوە.

لێکۆڵەر لەسەرەتاوە بە دوای ڕەگ و ڕیشەی لەمێژینەی چەمک و وشەی( کولتوور) دا گەڕاوە، کۆمەڵێک پێناسەی جیاوازی زمانەکانی هێناوەتەوە، پێیوایە پێکهاتەیەکی ئالۆزی هەیە و لە چەند ڕویێکەوە گرێدراوی چەندین بابەتی تری وەک شارستانی و ڕەسەنایەتی و ڕۆشنبیریی و فۆلکلۆرییە، بە واتای ئەوەی، کاتێک دەتوانین بەتەواوی لە واتاو چەمکی کولتوور تێبگەین، کە لە نێو چوارچێوەی هەریەک لەم بابەتانە کارمانکرد و، بەجۆرێک لە جۆرەکان تێهەڵکێشی نێو بابەتی کولتووری بکەین. دواتر لێکۆڵەر کە دێتە سەر لایەنی پراکتیکی و بەرجەستەکردنی کولتوور لە ڕۆمانەکاندا، لەسەر هەردوو ئاستی ماددی و مەعنەوی کولتوور کاردەکات، نموونە بە پەرستگا ومەزار و گوند و ئاوایی دەهێنێتەوە، هاوکات بۆ لایەنی مەعنەویش نموونە بە چیرۆک و شیعر و گۆتن و حەیران و لاوک، دابونەریت و بیروباوەڕ دێنێتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێکۆڵەر، کولتوور وەک بەشێک لە کەلەپوور، یان سەرچاوەیەکی کەلەپووری دەبینێت و کاری لەسەر دەکات، پێوایە (کولتوور) زاراوەیەکی جیوەییە واتایەکی دیاریکراو نادات بەدەستەوە، نەک ئەوەی کولتوور بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی، کە دید و ڕوانین و شێوازی ژیانی تاکەکان بەرجەستە دەکات، وێنا بکات (ئەبوزێد، 2021: 21).

توێژەر و ئەکادیمیاکانی بواری کۆمەڵناسی بەهەمان شێوە نیگەرانی ئەم دۆخەن، بۆ نموونە ( د. محەمەد شوانی) لەم بارەوە دەنووسێت ((تا ئێستا زۆربەی نووسەرانی ئێمە و بە تایبەت لاوان، چەمکی کلتوور بە هاومانای یان نزیک لە مانای داب ونەریت بەکاردێنن، بەوەی کە کلتوور بریتییە لەو یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی باوباپیرانی ئێمە لەسەری ڕێکەوتون، بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاری کردنی ئەرک و مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە پێی ڕەگەزی نێر ومێ و تەمەنی لاو و پیر و منداڵ و...هتد کە خۆی ئەمە لە بنەڕەتدا بەشێکە یان بەشێکی بچووکی کلتوورە، کلتوور بە مانا فراوان

و گشتییەکەی ناگرێتەوە)) (شوانی، 2017: 59). وەک ئەنجامێک بۆ ئەم گەڕانەمان، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە چەمکی کولتوور لە بەشێکی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکاندا، و زۆرێک لە توێژینەوە ئەدەبیەکانماندا ( ئەوانەی کە تا ئێستا من بینیومن) کەمتر بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، وەک چەمکێکی زانستی بەکارهاتووە، مافی ڕاستەقینەی خۆی پێنەدراوە .

**دووەم: ڕیشەی مێژوویی وشەی کولتوور**

-لە زمانی فەرەنسی وشەی کولتوور لە وشەی کۆنی لاتینی cultura وەرگیراوە، بە واتای چاندن و نەشونما و چارەسەر و چاودێری و پەروەردە و ڕێزگرتن، پەرستش کردن بەکارهاتوو.

- cultura لە زمانی ئیتاڵی هاوشێوەی وشە لاتینییەکە، بە واتای کۆمەڵێک زانیاری و بارودۆخ و بەهرە و کۆمەڵێک حەز و ئارەزووی ماددی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ، بەکاردێت.

Cultureلە زمانی ئینگلیزی لە هەمان وشەی (Culture ) ی فەرەنسی، کە سەرچاوەکەی لە (culture)لاتینی کۆنەوە وەرگیراوە، واتای گەشەپێدان و کشتوکاڵ و ڕێزگرتن و پەرستن، دەدات .

-وشەی کولتوور بە درێژایی مێژوو گۆڕان و زیادەی زۆری بەسەرداهاتووە، لە چاندن و پەرەپێدان و گەشەکردن، وردە وردە لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردن بەرەو لەخۆگرتنی بیرۆکە و بیروباوەڕ و پەرەپێدانی بەهرە و توانا و چاکسازی گشتی و خاوێنکردنەوە، هەنگاوی ناوە .

culture- لە زمانی ڕوسی لایەنی ڕۆحی و بیرکردنەوەی هەستی لەخۆ دەگرێت، دیدگاو ڕوانینی گشتی و سروشتی مرۆڤ نیشان دەدات، کەمتر پەیوەستی بەخێوکردن و چاندنی زەوی وزار کراوە.

- Kultur لە زمانی ئەڵمانی بە واتای کۆمەڵێک پەیڕەو و پرۆگرامی ژیانی مرۆڤ و ئەو بەهایانە دێت کە خەڵکی باوەڕی پێدەکەن، زۆرتر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و جڤاکی لەخۆ دەگرێت (أبوالقاسمي، 2008: 15-16).

چەمکی کولتوور بەم واتایە و، لەم چوارچێوە تەسکە مایەوە ، دواتر کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە لە ئەوروپا دروست بوون، وردە وردە میتۆدی زانستی و بەڵگەی تاقیگەیی بوونە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی ئەوروپی، ئەو بێ ئومێدی و ڕەشبینییەی چەندین سەدە ئاسمانی بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی تاریک کرد بوو، وردە وردە رۆشن بووەوە، بە تایبەت هەوڵەکانی ( گالیلۆ، کۆپەرنیکۆس) بۆ دامەزراندنی میتۆدی زانستی، کارکردن و دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی ئاینی نادیدە ناکرێن. جۆرێک لە بیروباوەڕ و قەناعەت دروست بوو کە دەسکەوت و بەرهەمی سەدەکانی تازەی ئەوروپا زۆر لەسەدەکانی تاریک و ناوەڕاست پڕ بەهاو بە بایەخترن.

لە ئەنجامی ئەم بەرەوپێشچوونە بەردەوامە و لەم سەروبەندەدا زانایەکی مرۆڤناسی ئەمریکی هات بە ناوی (ئیدوارد تایلۆر ١٨٣٢- ١٩١٧) بە دیایکراوی لە ساڵی ١٨٧١پێناسەیەکی تازەی بۆ کولتوور پێشکەش کرد. دواتر هەرخۆی بوو بە دامەزرێنەری ئەنسرۆپۆلۆژیای کولتووری. (تایلۆر) پێیوایە (( کولتوور، چەمکێکی فراوانە، پێکهاتەیەکە تەواوی زانیاری و بیروباوەڕ وهونەر و ئاکار و یاسا ونەریت و هەموو ئەو توانا و لێهاتووییانەی مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لە خۆ دەگرێت، بەو پێیەی تاکێکی کارای نێو کۆمەڵگەیە )) (کوش، 2007:31).

ئەم ڕوانینە گشتگیرەی (تایلۆر) بۆ کولتوور، سەرەتایەکی تازەی مێژوویی بوو، وەک وەرچەرخانێک بۆ پێدانی مانایەکی تازە بە چەمکەکە و هاوکات دوورخستنەوەی چەمکەکە بوو لەو ڕەوتە مێژووییەی کە چەندین سەدە بوو، ( کولتوور) لە بۆتەی کشتوکاڵ و چوارچێوەی کاروباری چاندن ئاخنرابوو، ئیتر لەم مێژووە بە دواوە، ( کولتوور) پێیی نایە قۆناغێکی تازەی گەشە و نەشونماکردن، هاوکات بەرەو بنەمای زانستی و بە زانستی بوون هەنگاوی نا. زانایەکی تری ئەم بوارە پێوایە کولتوور بریتیە لە (( کۆمەڵێک نەریت، زانیاری، کارامەیی، ژیانی تایبەت وگشتی لە کاتی ئاشتی وجەنگدا، هەروەها ئایین و زانست وهونەر لە خۆ دەگرێت، ئەوەش لە گواستنەوەی تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو بۆ نەوە نوێیەکان خۆ دەنوێنێت)) (ابراهیم ناصر، 1985: 91). وەک ئەوەی کولتوور بەرهەم و زادەی بیرو دید و ڕوانینی تایبەتی مرۆڤ و ڕەفتارەکانی بێت، هاوکات لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگەو کەناڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و بەکۆمەڵایەتی بوون بگوازرێتەوە. ئاڕاستە و شێوازی کارکردنی (ڤۆلتێر) بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەت لەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکان، بە دیاریکراوی لەسەر دابونەریتەکان، وەک چوارچێوەیەکی گشتی کە دواتر بووە بنەمای سەرەکی هەڵێنجان و هاتنە ئارای چەمکی زانستی ( کەلتوور)، ڕۆڵ و کاریگەری تایبەتی خۆی لەم نێوەندەدا جێهێشت.

- دوای ( ڤۆڵتێر) هەریەک لە ( ئادلانغ ، زمانەوانی ئەلمانی ( ١٧٩٢- ١٨٦٧) هیردەر رەخنەگر و فەیلەسوفی ئەڵمانی ١٧٤٤- ١٨٥٣) لە ئەڵمانیا لەبەرامبەر (دابونەریت ) چەمکی (کولتوور) یان بەکارهێنا، (هیردەر ) کەلتوور بە پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤ ناو دەبات، بەواتای ئەوەی جۆری ئەو پەروەردە و پەرەپێدانەی مرۆڤ لەسەر توانا و لێهاتووییەکانی خۆی ئەنجامی دەدات، جۆری ئەو کولتوورە دەستنیشان و دیاری دەکات کە دواجار خۆی نمایش دەکات. هەرچی ( ئادلانغ)ە، پێیوایە کولتوور بریتییە لە خۆپاککردنەوە و خۆ ڕازاندنەوە بە ئاکار و ڕەوشتی جوان، وەک ئەوەی کولتوور جۆرێک لە شێواز و ڕەفتاری ژیانی مرۆڤ نیشان بدات (أبوالقاسمي، 2008: 36).

ئەوەی لەم چەند دێرەی سەرەوە دەردەکەوێت، سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕوانینەیە، کە کولتوور بە جۆرێک لە ڕوانین و دید و شێوازی ژیانی مرۆڤ نیشان دەدات، بەو پێیەی کولتوور بە ڕەفتا رو ئاکاری مرۆڤەکان گرێدەداتەوە، نەک تەنیا بریتی بێت لە کۆمەڵێک دابونەریت و خووی ڕۆاژنەی مرۆڤەکان. بەڵکو شوناسێکە تاکەکانی کۆمەڵگەی پێ جودا دەکرێتەوە، لە نێو کۆمەڵەو تیرە و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تری سەردەم.

کۆمەڵناس ( حوسێن خەلیقی ) وادەبینێت، کە کولتوور شیرازە و پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگەکانە، لە میانی ڕوانین وبیروباوەڕەکانی، ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی مرۆڤ دەیدات لە پێناو ژیانکردن رەنگدەداتەوە.بڕوانە [ حوسێن خەلیقی: ١٩٩٢: ٢٥٤] بە واتای ئەوەی کولتوور بە تێپەڕینی کات، لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەبێت و ڕەنگدەداتەوە، مرۆڤ بە جۆرێک لە جۆرەکان یەکسان دەبێت بەو کولتوورەی کەسەکە هەڵیدەگرێت و پێیی دەناسرێتەوە.

نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کولتوور (( تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو دابو نەریت وشێوە جیاوازەکانی ژیان نیە، بەڵکو سیستەمێکی رێکخراوە، لە رەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گروپێک یا چەند گروپێکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خەڵک. رەگەزەکانی کولتوور وەک دابونەریت وبیروباوەڕەکان وبەهاو بیروڕا هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێدەبەخشێت)) (موحسنی، 2002: 104). وەک ئەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، کاتێک دەتوانن ببنە خاوەنی شوناس و ناسنامەی تایبەتی خۆیان، کە کولتوورێکی جیاواز و سەربەخۆیان هەڵگرتبێت، وەک مۆرکێکی تایبەتی و نەتەوەیی خۆیان بێت و پێی بناسرێنەوە.

چەمکی کولتوور وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت، تا ڕادەیەکی زۆر چەمکێکی تازەیە، بە تایبەت لە ڕۆشنبیریی وئەدەبیاتی کوردی کەمتر کارلەسەر ئەوەکراوە، چەمکەکە وەک ئەوەی لە بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا واتای تایبەتی خۆی هەیە، بەهەمان چەمک وتێگەیشتن لە بواری ئەدەبناسیدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بە تایبەت لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی پەیوەست بە ڕۆمان و شیکردنەوەی گوتاری ڕۆمانی کوردی، درک کردن و پەیبردن بە دیدگا و ڕوانین وجیهانبینی تایبەتی رۆماننووس، ماهییەت و ڕاستەقینەی بیرکردنەوەی رۆماننووسی کورد دەردەخات.

**سێیەم: فرەیی وەک بنەمای کولتووری**

چەمکی فرەکولتووری بە یەکێک لە چەمکە تازەکانی بواری لێکۆڵینەوەی مرۆیی و زانستە مرۆییەکان ئەژمار دەکرێت، ئەگەرچی خودی چەمکەکە لە واقیع و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان بە درێژایی مێژوو، بە ئاست و شێوازی جیاواز بوونی هەبووە و ڕەنگی داوەتەوە، بەواتای ئەوەی لە دێر زەمانەوە، مرۆڤەکان هەڵگر و خاوەن دید و ڕوانینی جیاواز وتایبەت بەخۆیان بوونە، بەڵام ( فرەکولتووری) وەک زاراوەیەکی تازەی هاوچەرخی بواری لێکۆڵینەوەی فیکری و مەعریفی، لەلایەن (هۆراس لۆکین ) لەساڵی (١٩٢٤) واتایەکی تازەی پێدرا، بە تایبەت دوای هاتن و کۆبوونەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی تازە هاتوو بۆ ئەمریکا، کە خاوەنی دیدگا و ئاراستەی جیاوازی فیکری و فەلسەفی بوون، لەپێناو سازان وپێکەوەژیانی گروپەکان، ئاراستەیەکی فیکری تازە دروست بوو، کە دواتر بە ( بۆتەی کولتووری) ناوزەدکرا، ئامانجی سەرەکی کارکردنیان بریتی بوو لە جەخت کردنەوە لەسەر پێکەوەژیانی نێوان گروپە جیاوازەکان و دانپێدانان بە مافی هەمووان، هاوکات پارێزگاری و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاراستنی تایبەتمەندی و خاسیەتە تاکیەکانی گروپەکان، بە تایبەت کە لەو ڕۆژگارەدا، پێکهاتەی جیاوازی ئیتنیکی و ئاینزایی، سیما و ئادگاری دیاری ئەو سەردەمە بوون، بەشێکیان ڕووبەڕووی فەرامۆش و پەراوێزخستن بوونەوە (مجید، 2010: 39).

ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی دەرەنجامی گۆڕانکاری و سیستەمی سیاسی وڵاتان هاتە کایەوە، تەنیا لە سنووری چەند وڵات و کولتوورێکی دیاریکراو قەتیس نەبوو، بەڵکو زۆرینەی وڵات و گەلانی دنیای گرتەوە، جیاکاری و جیاوازی دید و ڕوانگەی مرۆڤەکان بۆ بوون و چەمکە سەرەکییەکانی ژیان لە ئێستادا سیمای هەرە دیار و هاوکات هەوێنی گفتوگۆ و گەنگەشەی بەردەوامی بیرمەند و ڕۆشنفیکرانی هەموو گەلانی دنیان. ((ئێستا ڕێژەیەکی شایەنی سەرنج لە حەشیمەتی جیهان لە گەشتیارەکان، کۆچەرەکان، پەناخوازەکان، دوورخراوەکان، کرێکارە مێوانەکان و ... پێک دێ و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان زیاد دەکا.)) [گوڵمحەمەدی: ٢٠٠٧: ١٢٦] کەواتە تێکەڵبوون و بەریەککەوتنی کولتوورەکان شتێکی ڕێ لێ نەگیراوە، ئێمە ناتوانین خۆمان لە چوارچێوەی یەک کولتووردا قەتیس بکەین.

فرەکولتووری لە ئێستادا بە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی سەردەم ئەژمار دەکرێت، نەک تەنیا لە ئاستی هەرێمی و ناوچەیی، بگرە لە سەر ئاستی جیهانی، شێوازی ئێستای ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگەکان بە گشتی، بەرهەمی ژیار و شارستانیەت، دۆخێکی وەهای دروست کردووە، کە جیاوازی و فرەیی ڕوو لە پاشەکشە بکەن، بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە، کە فرەیی دەرفەتێکە بۆ تێکڕای کۆمەڵگە مرۆییەکان، تاوەکو باشتر لەیەکتر تێبگەن، ژینگەیەکی گونجاو و پڕ لە زیندوێتی بۆ مرۆڤەکان دروست بکەن، جیاوازی و فرەییەکان وەک ڕووێکی جوانی سەردەم ببینن. لەم ڕوانگەوە ڕۆماننووسان پێشەنگی ئەو نووسەرانەن، کە بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگە دەبێت، دیدگا و دنیابینی ڕۆماننووس لە ڕێگەی کارەکتەر و گفتوگۆ و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان زیاتر بەرجەستە دەبن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم: فرەیی کولتوور لە ڕۆمانی "شیری مووسا"دا

سابیر ڕەشید لە ڕۆمانی (شمشێری مووسا) (رەشید، 2019)، کە دوو جار چاپکراوە، وەک لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، ڕۆماننووس، بیرۆکەی سەرەکی و تەونی ڕووداوەکانی لە ئاینی یەهودی وپێغەمبەرەکەی حەزرەتی ( مووسا) و شوێنکەوتووانی ئاینەکەی هەڵچنیوە، بە تایبەت ئەو شوێنکەوتە و پەیڕەوکارانەی لە کوردسان ژیاون و تێکەڵی کورد و کولتوری کوردی بوونەتەوە، دوای ئەوەی جووەکان بە ستەم و زۆرەملێ ناچار بەکۆچ وجێهێشتنی کوردستان ( نیشتیمانی دێرینی خۆیان) دەکرێنەوە، خۆشەویستی کوردستان و ئەو حەز و مەیلی ژیانکردن و خۆشەویستی خەڵکەکە و پێکەوەگونجان و ژیانی ڕابردوویان بە بەردەوام لە دڵ و هەستی هەردوو کارەکتەری کورد و جوولەکە و هاوکات گێڕەوەی چیرۆکەکە بە زیندوویی ماونەتەوە .

ڕۆماننووس لەڕێگەی تەکنیک و شێوازی تایبەتی گێرانەوەی خۆیدا، بە هۆی قەدەری ڕۆژگار، ئاشنایی لەگەڵ پیاوێکی جوولەکەی دانیشتووی کۆنی کوردستان ( ڕۆماننووس بە کوردێکی جوو ناوی دەبات) دروست دەکات، جگە لەخۆشحاڵی و دەربڕینی شادی بەم بۆنەوە (رەشید، 2019: 11) ، هاوکات پەرۆشی کەسی جوو، بۆ ئەم ئاشنایی و یەکترناسینە بە ڕوونی دەردەخات، کابرای جوولەکە کۆمەڵێک ڕووداوی کۆنی ژیانی خۆیی و جووەکانی کوردستان و ئەو ژان و ئازارانە لەڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تۆماردەکات، کە لە ئێستا و ڕابردووش جووەکان دووچاری بوونەتەوە، زۆرینەی ئەم مەینەتی ونەهامەتییانە بە بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤ و ستەم و پاوانخوازی خودی مرۆڤەکان ناو دەبات ، نەک بنەما ئاینی و خودی ئایینەکان.

ڕۆماننووس لەسەرەتای ڕۆمانەکەی پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئایا ڕاستە کوردستان جێگای کولتووری جیاواز و پێکەوەژیانی کەمینە و نەتەوە و ئاین و ئاینزا جیاوازەکان بووە؟ بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گوومانە و گەیشتن بە ڕاستییەکان، کەلکەلەی گەڕان و خوێندنەوە و نووسینی ڕۆمانی بۆ دروست بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم: ڕوانین بۆ جیاوازی ئایینی**

ڕۆماننووس لەسەرەتای ڕۆمانەکە، لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، لەسەر زاری (ئیسحاق مۆشێ) ، دان بەوە دادەنێت، کە جیاوازی ئاینی ڕێگر و لەمپەری بەردەم ئەوان نەبووە، تاوەکو مامەڵەیەکی مرۆییانە لەگەڵ هەڵگرانی بیروباوەڕی تری موسوڵمان و مەسیحی ئەنجام بدەن، کاتێک دەڵێت: (( ئێمە چوون موسڵمان، دیان و جوو ڕەوتارمان دەگەڵ یەکدیدا نەدەکرد، ئەگەرچی لە ئایینیشدا لە یەکدی جوایەز بووین، لێ هیچ لایەکیان بە ئێمەیان نەدەوت: دینی ئێمە لەسەر هەقە و ئی ئێوە ناتەواوە و پێتقییە بێنە سەر دینی ئێمە)) (ڕەشید، 2019: 22).
بەڵام زۆر نابات، کاتێک (ئیسحاق مۆشێ) دێتە باسی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە، خۆیان بە کەمینە بینیوە، بە خاتری ئەوەی هەڵگری بیروباوەڕێکی جیاواز بوونە، دووچاری گرفت و کێشەی زۆر بوونەتەوە، کاتێک دەڵێت: (( ئێمە لەبەرئەوەی کەمینە بووین دەمانەویست بەهەر شێوەیەک بێت بوون و مانەوەی خۆمان بپارێزین)) (ڕەشید، 2019: 37) وەک ئەوەی ئەم کەمینە بووونەی ئەوان ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەردەوامی لەناوبردن و سڕینەوەیان کردبنەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو بۆچوونەی بەشێکی زۆری بەها کولتوورییەکان لە ئایین و ڕاڤەی ئایینەوە وەرگیراون. واتە ((ئایین کاریگەری گەورەی لەسەر چەسپاندنی کولتوور هەیە. بەشێکی زۆر گرنگی ئەم بەها و بیروباوەڕانە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە ئایین و ڕاڤەی ئایینی وەرگیردراوە.)) [رەحمانی: ٢٠٢٠: ٦]

سابیر ڕەشید دەیەوێت بڵێت ئاینەکان بەگشتی ( بە تایبەت ئاسمانیەکان) زەمینەی گونجاو و دروست بۆ یەکتر قەبووڵکردن و پێکەوەژیان دروست دەکەن، بەڵام ئەوە دەست و ڕەفتاری مرۆڤەکانن دێن دۆخێکی جیاواز دروست دەکەن، هەوڵی سڕینەوە و یەکتر وەلانان دەدەن، بەتایبەت کاتێک دەسەڵات دێت و ئەم جیاوازییە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی دەقۆزێتەوە، لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری دێنێت، بۆیە کاتێک (جووەکان) دووچاری هەڕەشە دەبنەوە، پیاوانی ئاینی، موسوڵمان مەسیحی بێ جیاوازی هاوسۆزی و پاڵپشتی تەواوی ( جووەکان) دەکەن (( مەلا عەلی مامە جەلکەیی وتی: بەڕێز ئێوەن بە پشتیوانی ئاغاو بەگزادەکانتان ئەو تەباییەی ئێمە تێکدەدەن و ناکۆکی ئاینینیمان لە نێواندا دەچێنن، دەنا باب و باپیرانی ئێمە هەردەم پێکەوە ژیاون و لە خۆشی و ناخۆشی یەکدیدا بەشداربوونە، ئێمە هیچ ناکۆکییەکی ئایینیمان لە نێواندا نیە..)) (ڕەشید، 2019: 96). دواتر زۆری پێناچێت هەڵوێستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تری هاوشێوە لە قەشەیەکی مەسیحی بە ناوی ( جوبرائیل شێر) دەبیندرێت بەوەی ڕوو دەکاتە پیاوانی ئاغاو، دەڵێت (( ئەگەر ئێوە لێمان بگەڕێن، ئێمە بۆ خۆمان دەکارین لە نێوان خۆماندا بە ئاشتەوایی و تەبایی بژین....ئێمە لە هەموو ناخۆشیەک و لە هەموو پرسەیەکدا لەگەڵ یەکدیی هاوشان و پێکەوە و تەبا و بەشدارین)) (رەشید، 2019: 96). لە کۆتایی مشتوومڕی نێوان پیاوانی ئاغاو پیاوانی ئاینی، (مالم) پاڵپشتی قسەکانیان دەکات، لەمەڕ بۆچوون و ڕوانینی خۆی دەڵێت: ((بەڵێ ڕاست دەکەیت جەنابی قەشە جوبرائیل ئەگەر دەسەڵات و دارودەستەکەیان لێمان بگەڕێن ئێمە لەنێوان خۆماندا هیچ کێشەیەکمان نییە)) (رەشید، 2019: 97) بۆچوونێک هەمان ڕوانینی ئەوانی پیش خۆی دووبارە کردۆتەوە، وەک ئەوەی ئاینەکان لە بنەچەدا بۆ یەک مەبەست و یەک ئامانج هاتبنە ئارا .کۆکردنەوەی جیاوازییە ئایینیەکان لە بۆتەی دیدێکی یەکگرتوو، بەتایبەت بەرامبەر هەژموونی دەسەڵات و حەزو پاوانخوازی مرۆڤ، بۆ مەرامە تایبەتی وکەسییەکانی خۆی، دەرخەری ئەو ڕاستیەن، کە ئەوە مرۆڤەکانن ناهێڵن پێکەوە ژیان وەک چەمکێکی کارا لە کۆمەڵگەدا رۆڵی دیاری خۆی ببینێت.

ئەوەی کە جێگەی هەڵوەستەکردن و وەستانە، ڕۆماننووس بیرۆکەی سەرەکی ئەم سازان وپێکەوەژیانە، لە ڕوانینی کارەکتەری (جوو) بەرجەستەتر دەکات، بۆیە لەسەر زاری (ئیسحاق) دەڵێت: (( لای خوای گەورە گرنگ نیە لەسەر کامە ئایین بین، هەموو ئاینەکان لای ئەو یەکن، ئەدی پێغەمبەران کە خوا بۆ هەموو نەتەوەو پێکهاتەیەک پێغەمبەرێک، یان نێردراوێکی بۆ ناردوون هەموو خۆی خاوەنیان نییە و ئەو نەیناردوون!)) (رەشید، 2019: 195) .

ڕۆماننووس لەم گوتارەیدا پێداگیری زۆر لەسەر وەلانانی جیاوازییە ئایینیەکان دەکاتەوە، مێژووی کۆنی ژیانی جووەکان دەکاتە نموونەیەک و لەگەڵیدا ڕوانینی ئایینەکانی تری (ئیسلام و مەسیحی) بەجۆرێک تێکەڵ دەکات، کە هەمووان لەخزمەتی ئەم دۆخی تەبایی و پێکەوە ژیانە بوونە.

**دووەم: جیاوازی ئاینی و ململانێی ئایینەکان**

لەگەڵ ئەوەی (سابیر رەشید) بەشێکی زۆر و ڕووداو گەلێکی بۆ شێوە ژیان پێکەوەژیانی ئایینەکان تەرخانکردووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە ڕێگر لەوەی چیرۆکی ململانێی ئایینەکان لە ڕەفتار و گوفتاری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵگر و شوێنکەوتووانی تۆمار نەکات، بەتایبەت کاتێک دوو مرۆڤی بیروباوەڕ جیاواز بیانەوێت پێکەوە بژین و جیاوازییە ئایینەکان وەلابنێن.
لای رۆماننووس کرۆکی ئەم بەربەرەکانی و یەکتر قەبوڵ نەکردنە ئایینیە، لە هەردوو چیرۆکی خۆشەویستی ( ئیسحاق و خونچە) و (فەرحە و سیامەند) بەرجەستە دەبێت، بە تایبەت کاتێک سۆزی خۆشەویستییە راستەقینەکە بەرەو هاوسەرگیری و بۆیەکبوون هەنگاو دەنێت، لەهەردوو لا دەنگی نارەزایی توند و بەرهەڵستی کردن بەرز دەبێتەوە .سەرەتا (ئیسحاق) لە باری سۆز و هەستی خۆیان بەم شێوە دەدوێت: (( ئەوینی خونچە بە تەواوی شێت و شەیدای کردبووم، من و خونچە هەموو کەوشەنەکان و تخووبی دینمان تەفرو تونا کردبوو، واتە خۆشەویستی نێوانمان هەموو پەرژینەکانی بڕی بوو، لێ ئێمە هەرگیز بیرمان لەوە نەکردبووەوە، کە پەرژینەکان لە خۆشەویستی نێوانی ئێمە زۆر بەهێزترە و بە سانایی دەکارێت لە یەکدیمان دابڕێت)) (رەشید، 2019: 146).

دوای ئاشکرابوونی ئەم پەیوەندی و خۆشەویستییەی نێوان کوڕێکی جوو و کچێکی موسڵمان، نەیارو دژبەری زۆر دەبن، بەجۆرێک خێزانی هەردوولا دەبنە رێگر لەم بەردەوام بوونە، بە جۆرێک هەوڵی بەردەوامی پاشگەزبوونەوە لەگەڵ ئیسحاق دەدەن، تا رۆژێک باوکی جیای دەکاتەوە پێیدەڵێت: (( کوڕم خۆت دەزانی ئەوان موسڵمان و ئێمەش جوو، کەوشەنێکی زۆر مەزن، بگرە زەندۆڵێکی گەورە لە نێواندایە، بە خوا نەک زەندۆڵ بگرە خەرەندێکی مەزن لەنێواندایە وەک خەرەندی رواندزێ گەورە و فراوانە ئیدی نابێت و ناکرێت ئەم بابەتە قەدەخەیە بۆ ئێمە و لەمە زیاتر سواری سەری خۆت مەبە، نە ئێمە نە ئەوان ناکارن ئەم سنوورانە بسڕینەوە)) (رەشید، 2019: 147).

وەک ئەوەی ئەم جیاوازییە ئاینینانە رەگێکی ئەوەندە قووڵی مێژووییان هەیە، جێگای مشتوومڕ و گفتووگۆ نین، دواتریش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە (ئیسحاق) لە لایەن کەسوکاری خونچە دووچاری ڕفاندن توندوتیژی دەبێتەوە بەجۆرێک: دەڵێت (( لە ژووری حەسارێک بەندییان کردم، لە رۆژێکدا یەک جار ئاو و خواردنیان دەدامێ، جار جارەش دوو گەنج دەهاتن لێیاندەدام و دەیانوت : گاوری خوێڕی ئێوەش فێربوون و بوێری ئەوەتان هەیە حەز لە کیژە موسڵمانان بکەن...دەبێت بۆ هەموو جووان تەمێت بکەین و ڕەوانەی دۆزەخت بکەین)) (رەشید، 2019: 148).

ڕۆماننووس بەجۆرێک پێداگیری لەسەر ئەم جیاوازی و یەکتر قەبوڵنەکردنە دەکاتەوە، کە هەردوو ئایینەکە و پەیرەوکارانی بێ جیاوازی، لەسەری گۆشکراون و ڕاهاتوون، ئەستەمە بتوانن لەدەرەوەی ئەم کولتوورە کۆنەی خۆیان بیربکەنەوە و بڕیارێکی جیاوازتر بدەن، بە تایبەت کاتێک چیرۆکێکی تری هاوشێوە، بەڵام ئەمجارە پێچەوانە ڕوودەدات، کەچی هەمان دنیابینی جارێکی تر ناهێڵێت پەیوەندی و تێکەڵاوی کولتووری نێوان ئەم دوو کەس و بنەماڵەیە دروست بێت.

ئەم یەکتر قەبوڵنەکردنە بە ڕادەیەک لە هزری تاکی هەڵگری یەک بیروباوەڕ تۆخ بۆتەوە، تا ڕادەی یەکتر سڕینەوە و لەبیرکردن، بۆیە کاتێک ( فەرحە) ی کچە جوو، لەگەڵ (سیامەند) ی کوڕە موسڵمان، دەبنە خۆشەویستی یەکتر، هەر زوو ئەوە دەزانن، ئەستەمە لەنێو کولتوورێکی داخراوی هاوشێوەی هەردوو بنەماڵەکەیان، بتوانن بە خواستی دڵی یەکتر بگەن (( هەردووکیان دەیانزانی لە ڕێی داخوازییەوە بۆ یەکدیی نابن، چونکە ئایین پەرژین و کۆسپ بوو لە نێوانیاندا)) (ڕەشید، 2019: 157). بەڵام ئەوان بەمە ناوەستن و بێ پرسی خانەوادەی خۆی ( فەرحە) بەرەو سلێمانی هەڵدێت، ئەگەرچی لەگەڵ ماڵی باوکی (سیامەند) دەژین، بەڵام دیسان دووچاری هەمان دۆخ دەبنەوە کاتێك ((دایک وباوکی سیامەند داوا لە فەرحە دەکەن ببێتە موسڵمان، ئەویش دەڵێ با هەر کەسە لەسەر دینی خۆی بێت، ئەوانیش دەڵێن نابێت، هەرگیز دینی ئێمە ئەمە قبووڵ ناکات، ئیدی ئەویش کچی ئەو باوکەیە و پێدادەگرێت)) (ڕەشید، 2019: 157). ئەگەر چی لە هەردوو لاوە هەوڵ دەدرێ، هیچ کام لە خانەوادەکان بەم دۆخە تازەیەی کوڕ و کچەکەیان ڕازی نابن، بەتایبەت کاتێک لە ماڵی باوکی ( سیامەند) تینی زۆر بۆ ( فەرحە) دەهێنن بەجۆریک فشاری دەخەنە سەر (( چۆن دەبێت خەڵک قسەمان پێدەڵێن و ئابڕوومان دەبەن و پێمان دەڵێن ئەوانە ژنە جووێکیان کردووە بە بووکی خۆیان)) (ڕەشید، 2019: 158). دوای ئەم پاڵەپەستۆ دەروونیە، ئیدی ناچار دەبن سەری خۆیان بەرەو شاری (بەغدا) هەڵگرن، لەوێ درێژەیان بە ژیانی خۆیان بدەن .

ئەم گوتارەی ڕۆماننووس، پێداگیری و جەخت کردنەوەیەتی لەسەر ڕۆڵی ئایین وبیروباوەڕ لە دروست کردنی جۆریک لە کولتوور، کە ڕێگا نادات لەدەرەوەی ئەم کولتوورە تاک بڕیار لە ژیانی خۆی بدات و دەرگای تازە بە ڕووی ژیانی خۆیدا بکاتەوە، هەژموونی کولتوور بە جۆرێک خۆی دەسەپێنێت و زاڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت، هەموو وردەکارییەکان و شێوازی ژیانی تایبەتی کەسەکان ڕەنگڕێژ دەکات، دەلاقەیەک و دەرچەیەک نامێنێتەوە تاک پەنای بۆ ببات، تەنیا بژاردەیەک لەهەمبەر تاکەکان بمێنێتەوە بریتیە لە قەبووڵکردن و تەسلیم بوونی واقیعی خۆسەپێن. بڕیاردان پێچەوانەی ئەو دۆخە، بریتی دەبێت لە سەرەخۆری و خۆ فەوتاندن.

ئەم دۆخی کولتوور سەنتەرییە، نەک تەنیا بۆ دوو کولتووری جیاواز و دوور لەیەکتر دروست دەبێت، تەنانەت لە چوارچێوەی یەک کولتووری تایبەت، هەمان جۆری بیرکردنەوە دیسان زاڵ دەبێت، ڕێگا بەوە نادات لەدەرەوەی ئەم کولتووره خۆماڵییە، ڕێچکەی تازە، دیدگای نوێ بۆ ژیان چەکەرە بکەن، بۆیە لە پەراوێزی چیرۆکی خۆشەویستی ( فەرحەو سیامەند) ڕۆماننووس پەردە لەسەر لایەنێکی تری داخراوی ئەم کولتووره هەڵدەداتەوە، کە لەژێر هەژموون و بیرەباوەڕی ئایینی دروست بووە. کاتێک دەڵێت: (( دیارە لە پێڕەوی ئایینی جوودا ئامۆزا بە یەکدی نەدەدران، بۆیە ئەگەر ئیسحاق و فەرحە یەکدیشیان خۆشویستبا بۆ یەکدی نەدەبوون، ئەوان هەر لە منداڵییەوە پێکەوە ژیاون و وەک خوشک و برا رەوتاریان دەکرد)) وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ئەم دوو ئامۆزایە دڵیان پێکوەبوە، یەکتریشیان خۆشویستووە، بەڵام ئەم ڕێگرییە کولتوورییە وایکردووە، ئەوان پێ لە جەرگی خۆیان بنێن و ئەم جۆرەی بیرکردنەوە وەلابنێن، ئەگەرچی لە هەناوی خۆشیاندا بۆیەکتر بسووتێن، بۆیە دواجار کاتێک ( سیامەند) بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، (فەرحە) بە تەنیا لە ( بەغدا) دەمێنێتەوە، هەموو هەوڵی ( ئیسحاق) دۆزینەوەی دۆتمامەکەیەتی، دوای چەندین ساڵ دووری و دابڕان، دواجار (ئیسحاق) ( فەرحە) دەدۆزێتەوە، دواتر دەیگەڕێنێتەوە ( ئیسرائیل) ی نیشتیمانی تازەی جووەکان، تا لەوێ درێژە بە خزمەتی هونەری کوردی بدات .لەگەڵ ئەوەی دۆتمامەکەی ڕێگایەکی تری جیاوازی هەڵبژارد،بەڵام ئەم گەڕان و سۆراخ کردنەی (ئیسحاق) بەدوایدا، ئاماژەیەکی ڕوونی لایەنی دەروونی مرۆڤە، کاتێک لەدەرەوی کولتووری خۆی هەستی دەجوڵێت و دەبزوێت، بەڵام بە هۆکاری ڕێنەدانی کولتووری ناتوانێت ئەم خواستە بەدەست بێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگوریشەی ئەم خواستە لەدەروونی دەمێنێتەوە و گەورە دەبێت، بگرە لەگەڵی دەژێیت .

**سێیەم: ڕوانین بۆ ئەویدی**

وێناکردن و ڕوانین بۆ ئەویدی، بە واتای کارەکتەر و مرۆڤی دی، جیاواز لە کولتووری باو، لە بیروباوەڕ و شوناس...هتد یەکێکە لەو تەوەرانەی زۆرێک لە ڕۆماننووسان بە جۆر و شێوازی جودا، باسی دەکەن. لە ڕۆمانی ( شمشێری مووسا) ئەویدی ( جوو) زۆر بە وردی لە لای تاکی کوردی بەتایبەت موسڵمان باسکراوە، هەڵوەستەی جیاوازی لەهەمبەردا نیشاندراوە، بەجۆرێک وێناکراوە، ئەوەندەی شوناسە ئایینی و بیروباوەڕەکەی بەهەند وەرگیراوە، ئەوندە ناسنامە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکەی نەبیندراوە. بەشێک لەم وێناکردنە لەسەر زاری جووەکان، دەبیستریتەوە، کاتێک تێکەڵی خەڵک دەبن و هاموشۆیان دەکەن، خەڵکی موسڵمان جووەکان بە ترسنۆک و لاواز دەبینن، تەنانەت یەکێک لەخۆیان ترسنۆک دەرکەوتایە، پێیان دەگووت ( دەڵێی جووی) (رەشید، 2019: 37). وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە جوو بوون، دۆخێکی دەروونی کۆمەڵایەتی بێت، هەموو هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە تێیدا هاوبەش بن، تەنانەت جۆرێک لە بێ متمانەیی و بەقا نەکردن بە جووەکان لای تاکەکانی کۆمەڵگە زۆر باو بووە، وەک ئەوەی هەمیشە گوتوویانە (( لە ماڵی جووی نانی بخۆ. لە ماڵی دیانی بنوو)) (رەشید، 2019: 131). وەک ئاماژەیەک بۆ نیشاندان و دەربڕینی ئەو بێ متمانەییەی بۆ کەسی جوو لە کولتووری کوردی دروست بووە، بەوەی متمانە بە جوو ناکرێت کە شەو لە لای بمێنیتەوە. جگە لەوەی موسڵمانەکان لە دەستاوی جووەکانیان نەدەخوارد، سەر بڕینی ئاژەڵ و پەلەوەریان بە دەستی جووەکان بە حەرام دەزانی. سەرەڕای ئەوەی دووچاری گاڵتە پێکردن و سوکایەتی دەبوونەوە، بۆنموونە جاری وا هەبووە سەر و قژیان ئاگر تێبەرداوە، نەک هەر ئەوەندە بگرە لە دیدی بەشێک لە خەڵکی کوردستان ئازاردانی جوو وەک ئەرکێکی ئایینی بیندراوە، تەنانەت کوشتنیشی بەجۆرێک لە غەزا وێناکراوە(رەشید، 2019: 192) .لە دیدی ڕۆماننووس ئەم بە کەم تەماشاکردن و ڕق هەڵگرتنە سەرچاوەکەی لەو تێگەیشتن و ڕوانگە ئایینیەوە هەڵقوڵاوە، کە لە نەستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دروست بووە، بە ئەستەم دەتوانن ئەم تێگەیشتن و بیرکردنەوە وەربگرن، کە ئایینەکان تەواوکەری یەکترن و هەموویان لە پێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤ و ئاوەدانی سەر زەوی هاتوون.

جۆرێکی دیکەی وێناکردنی ئەوی دی لەڕۆمانی ( شمشێری مووسا) دا کراوە، کە زۆرتر وەسف و باسکردنی ژیان و پیشەو گوزەرانی خەڵکی جوولەکە بووە، ئەمە وەک ڕوانگە و گوتاری تایبەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆماننووس ئەژمار دەکرێت، هاوکات وێناکردنێکی ئەرێنی و پڕ لە بەهایە، بەوەی کە جووەکان لە کڕین و فرۆشتن و بازرگانی زیرەک و لێزان بوونە، بازرگان، دوکاندارەکان، دێوەرەکان، زێڕینگەری، وێنەگری، وەستای تەلارساز، جۆڵایی ، چنینی رانک و چۆغە، خمچییەکان، خانچی، مامۆستایی، پارێزەری، زۆرێک لەم خاوەن پیشەو کارانە خەڵکی جوو بوونە(رەشید، 2019: 136).

سەرەڕای ئەوەی ڕۆماننووس باس لە دەست ڕەنگینی و کارزانی جووەکان دەکات، هاوکات لە ڕووی بەهای مرۆیی و ئایینیشەوە، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەوان خاوەن کۆمەڵێک بەهای گرنگی کۆمەڵایەتی و مرۆیی بوون، بۆ نموونە، کاتێک (مالم) سەری ئاژەڵ و پەلەوەرەکان دەبڕێت، زۆر لای گرنگە کە بزانێت ئە چەقۆیەی بەکاری دێنێت تیژە یاخود نا؟ خۆ ئەگەر تیژ نەبووایە کارەکەی ئەنجام نەدەدا(رەشید، 2019: 138). کەواتە بە گوێرەی تیۆرییە بونیادگەرییەکەی کلۆد لیڤی شتراوس هەر نەتەوەیەک لە کاتی بیرکردنەوەدا، ئەزموونکردندا هێما و ڕەمزی کەسی و بابەتی بەکاردێنن، بۆ نموونە خواردنەوە، خواردن، کەلوپەلی ناو ماڵ، شێوازی ژیان. واتە دەتوانین لەو ڕێیەوە شارەزای بیرکردنەوەکانیان بین. ئەمەیش بە بونیادگەری پشتڕاست دەکرێتەوە.

ئەوەی لەم گوتارەی ڕۆماننووس دەبیندرێت، جگە لەنیشاندانی جیاوازی کولتووری و شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی جووەکان، بەراورد بە خەڵکی دیکەی موسوڵمان، هاوکات جیاوازییەکان خراونەتە خزمەتی کۆی گشتی کۆمەڵگە، لە لایەکی تر کولتوری جووەکان و ژیانییان بەشێوەیەک وێناکراوە، کە هەمیشە ڕووبەڕووی هەڕەشە و سڕینەوە بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لە پاڵ خەمی پارێزگاری لە شوناس و مانەوەی خۆیان، درێژەدان بە قووڵکردنەوەی بەها کولتوورییەکان، هاوکات پەرۆشی تەبایی و پێکەوەژیان و سازانی نێو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوونە، جگە لەوە خۆشەویستی خاک و نیشتیمان هەوێنی مانەوە و بەردەوامی و ژیانکردنییان بووە.

**چوارەم: کەمایەتییەکان، جەستەیەک بۆ بەرجەستەبوونی فرەکولتووری**

یەکێک لە تەوەر و بابەتە گرنگەکانی فرە کولتووری، لە ڕێگای ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هزری، کەمینە و کەمە نەتەوەکان بەرجەستە دەبێت، بەو پێیەی لە نێو کۆمەڵگە مرۆییەکان، کۆمەڵە و گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە ڕووی ئیتنیکی و ئایینی، کاتێک هەڵگر و خاوەنی کولتوور و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیدگای جیاوازی ژیانن، زۆرتر دەکەونە ژێر هەرِەشەی توانەوە لە ژێر سایەی کولتووری باوی خۆسەپێن، لەم نێوەندە کەمایەتی و کەمە نەتەوەکان هەمیشە بوونەتە جێگای چاوتێبڕینی کولتووری زاڵ.

لە ڕۆمانی ( شمشێری مووسا) نووسەر بە وردی و لە چەندین دیمەن و هەڵوێستی جیاواز، وێنای دۆخی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابوری، جوولەکە و مەسیحییەکان دەکات، بە تایبەت کەمایەتی جوولەکە چونکە جگە لەوەی لە ڕووی ژمارە ڕێژەیان زۆر نەبووە، هاوکات لە کۆتایی زۆرینەیان ( ئەگەر هەموویان نەبێت) دووچاری ڕاگواستن و دوورخستنەوە لە زێد و نیشتیمانی خۆیان بوونەتەوە . ڕۆماننووس وادەبینێت کە جووەکان جگە لەوەی کەمینەیەک بوون، هاوکات کەوتوونەتە سەنگەری ڕق و تووڕەیی نەتەوەکانی تری دنیا، بۆیەش دووچاری پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە، کۆمەڵکوژی گەورەیان لە هەمبەردا ئەنجام دراوە، ئەمە بووەتە دۆخێکی نائارامی دەروونی جووەکان، جۆرێک لە ڕوانینی بۆ دروستکردوون بەوەی کە خۆشیان بەرگەی ئەم دۆخە بگرن وباوەڕ بەوە بێنن ئەوەی کە بەسەریان دێت درێژکراوەی مێژووی خۆیانە ئەستەمە بتوانن ئەم دۆخە تێپەڕێنن .جوولەکەکانی شەقڵاوە، کاتێک دووچاری ستەمی ئاغا دەبنەوە، (مالم) وەک نوێنەر و پیاوی ئاینیی پێیوایە چونکە ئەوان کەمینەی ئاینین، بۆیە ناتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، لە پێناو مانەوەی خۆیان کڵاوی خۆیان گرتووە، بەرگەی هەموو ئازارێک دەگرن، تەنیا هەوڵیبیان بۆ مانەوەی خۆیان و پارێزگاری لە بوون و مانەوەیان بووە(ڕەشید، 2019: 80).

لەدیدی ڕۆماننووس ئەو دۆخەی ڕووی لە کەمایەتییەکی وەک جوولەکەکان کردووە لە کوردستان ، هۆکاری سەرەکی بۆ بیرکردنەوەی ئایینی و جیاوازی ئایینی دەگەڕێتەوە (( لەبەر هەستی تەسکی ئایینی ئێمەیان بە بەشێک لە مێژووی خۆیان نەدەزانی و کوردبوونی ئێمەیان ڕەتدەکردەوە.....ئاغاکانیش بۆ مەرامی خۆیان نەیاندەویست خەڵکی خوێندەوار و هۆشیار بێت، مەلاکانیش بۆ ئێوەیان ڕاست نەدەکردەوە و بەم خەڵکانەیان نەدەوت کە شتەکان بە هەڵە وەردەگرن)) (ڕەشید، 2019: 184) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک ئەوەی ئایین و پیاوانی ئایینی ئیسلام بەرپرسیاریەتی دروست بوونی ئەم دۆخە هەڵدەگرن، لە بەرامبەردا ئەوان خۆیان بە هاوڵاتی و دانیشتووی ڕاستەقینەی کوردستان زانیوە، هاوشانی خەڵکی کورستان هەستی نیشتیمان پەروەری و وڵات پارێزییان بەرز بووە، بەڵام ئەم ڕێگرییە ئایینی و کۆمەڵایەتییانە بوونەتە بەربەست لەبەردەم هاتنە دی خواستەکانییان. (( ئێمەی جووی کوردستانیش بەشێکین لە ئێوە، بەڵام بە داخەوە ئەقلییەتی خیلەکی هەندێک کەس و خۆخۆری کورد کە لەوەتەی کورد هەیە بە دەست ئەم نەخۆشییە دەناڵێنێت. ئەوەی لە هەمووشی ترسناکترە هەڵخەڵەتاندنی هەندێک کەسی نەفام و نەزانە، وایان تێگەیاندوون ڕێی بەهەشتیان لە ڕێگەی کوشتنی ئێمەوەیە، لە کاتێکدا بیر لەوە ناکەنەوە کە خوای گەورە ئەم هەموو دینە جیاوازەی دروست کردووە تا یەکدیی بناسین، نەک یەکتر لەناو ببەین)) (ڕەشید، 2019: 1127) .یەکێک لەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی تەوای کۆمەڵگەو سیستەمە سیاسییەکان دەبێتەوە، بە تایبەت وڵاتانی فرە نەتەوە و ئایینی جیاواز، بنیاتنانی شوناسێکی هاوبەشە بە جۆريك لە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگانە هەستی خۆبەندی و هاونیشتیمانی ببیندرێت.

## ئەنجامەکان

١ .وەک ئەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، کاتێک دەتوانن ببنە خاوەنی شوناس و ناسنامەی تایبەتی خۆیان، کە کولتوورێکی جیاواز و سەربەخۆیان هەڵگرتبێت، وەک مۆرکێکی تایبەتی و نەتەوەیی خۆیان بێت و پێی بناسرێنەوە.

٢ .فرەکولتووری بە یەکێک لە سیماکانی نەتەوە پێشکەوتووەکان دادەنرێت، بنەمایەکی سەرەکی پۆستمۆدێرنەیە لە هەر وڵاتێک.

٣. کورد وەک نەتەوەیەک چ لە کۆن و چ لە ئێستادا لە کوردستاندا لەگەڵ چەندین نەتەوەی جیاوازدا ژیاوە. هەریەک لەوانەیش خاوەنی کولتووری خۆی بووە. بۆیەیش کاریگەری کولتووری نەتەوەکانی بەسەر کولتووری کوردیدا بە ئاشکرا دیارە.

٣ .ڕۆماننووس لەم گوتارەیدا پێداگیری زۆر لەسەر وەلانانی جیاوازییە ئایینیەکان دەکاتەوە، مێژووی کۆنی ژیانی جووەکان دەکاتە نموونەیەک و لەگەڵیدا ڕوانینی ئایینەکانی تری ( ئیسلام و مەسیحی) بەجۆرێک تێکەڵ دەکات، کە هەمووان لەخزمەتی ئەم دۆخی تەبایی و پێکەوە ژیانە بوونە. ئەمەش دەلالەتە لە گرنگی کولتوور وەک سیستەمێکی ڕەمزی و سروشتی، کە کلۆد لیڤی شتراوس پێداگری لەسەر دەکاتەوە.

٤. ڕۆماننووس وادەبینێت کە جووەکان جگە لەوەی کەمینەیەک بوون، هاوکات کەوتوونەتە سەنگەری ڕق و تووڕەیی نەتەوەکانی تری دنیا، بۆیەش دووچاری پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە، کۆمەڵکوژی گەورەیان لە هەمبەردا ئەنجام دراوە، ئەمە بووەتە دۆخێکی نائارامی دەروونی جووەکان، جۆرێک لە ڕوانینی بۆ دروستکردوون بەوەی کە خۆشیان بەرگەی ئەم دۆخە بگرن وباوەڕ بەوە بێنن ئەوەی کە بەسەریان دێت درێژکراوەی مێژووی خۆیانە ئەستەمە بتوانن ئەم دۆخە تێپەڕێنن.

٥. بە پشتبەستن بە تیۆرییە بونیادگەرییەکەی شتراوس دەتوانین خوێندنەوە بۆ شێوەی ژیان، کولتووری جووەکان لە شاری هەولێر بە گشتی و شارۆچکەی شەقڵاوە بکەین. بەمەیش دەتوانین نەخشەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاشوور و کلد و جوو و کوردەکان بزانین.

٦. بونیادی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی ڕۆمانەکە بونیادێکی پتەو بووە لە نێوان نەتەوەکان، بەڵام کاتێک ئایین دەبێتە ئایدیۆلۆجیا، بنیاد و پێوەندی کولتووری و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوانە تێکدەچێت.

## سەرچاوەکان

کتێبی کوردی

١. خەلیقی، حوسێن (١٩٩٢): کۆمەڵناسی کوردەواری: بەرگی یەکەم: چاپخانەی الحوادث: بغداد.

٢. ڕەحمانی، سۆما ٢٠٢٠: پەیوەندی نێوان کولتوور و ئایین و گرنگایەتیيان بۆ ناسینی کۆمەڵگەی کوردەواری: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان: سلێمانی.

٣. ڕەشید، سابیر(2019). شمشێری مووسا، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم.

٤. شوانی، د.محمد (٢٠١٧): بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی (چییەتی، مێژوو و لەتبوونی ئەنترۆپۆلۆژیا): لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

٥. موحسنی، منوچهر(2002). دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕێبوار سیوەیلی وهاوڕێکانی، دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٦. گوڵمحەمەدی، ، ئەحمەد(٢٠٠٧): بەجیهانیبوون، کولتوور، شوناس: وەرگێڕانی: عەوڵا بەهرامی: دەزگای موکریانی: هەولێر.

نامەی ماستەر

٧. ئەبوزێد، مەردان ڕەفعەت (2021). ڕەنگڤەدانا کەلتووری د رۆمانێن ( محمد سلیم سواری) دا، کۆلیژا پەروەردا بنیات، زانکۆیا دهۆک، نامەی ماستەر.

کتێبی عەرەبی

٨. أبوالقاسمي، محمد جواد (2008). نظرية الثقافة, تر,حيدر نجف,مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي,مكتبة مؤمن قريش,بيروت,ط1.

٩. كوش، دنيس(2007). مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية, تر,منير السعداني, المنظمة العربية للترجمة,ط1, بيروت.

١٠. مجيد، حسام الدين علي(2010). أشكالية التعدد الثقافي في الفكر السياسي المعاصر(جدلية الاندماج و التنوع), مركز دراسات الوحدة العربية, بيروت.

١١. ناصر، ابراهيم (١٩٨٥): الانثروبولوجيا الثقافية (علم الانسان الثقافي)، دار الكرمل للنشر و التوزيع ، الطبعة الثانية ، عمان- الاردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢) هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Cultural Dimensions in Sabir Rashid's Novel "Musa’s Sword”

**Asst. Prof. Dr. Mohammed Ahmed Hasan**
Department of Kuridsh Language, College of Education, Shaqlawa, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Mohammed.hasan@su.edu.krd

**Rasool Hamad Rasool**
Department of Kuridsh Language, College of education of basic, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rasulhamad1975@gmail.com

***Keywords:*** Culture, diversity, the other, novels, religious difference

## Abstract

If, the novel served human beings and its cases a lot, especially as a platform In the past, especially in the nineteenth century in Europe, to create the concept of a nation and to build a national state, the novel is moving in another important direction now. It moves towards the globalization of thought and culture, in a way that develops a new perspective within itself, in a way that all cultures and identities can express their existence and their own ways.

From this perspective, in order to demonstrate the continued efforts of some Kurdish novelists, based on Kurdish novels, to show the views and views of Kurdish people, they are parallel to the views and views of others, in the different cultures of other nations of the world.

We try to view all the different perspectives and the perspectives of the novelist in a way that views the different cultures, the values and measurements of the material and spiritual differences of human beings.

Let's show in detail the views of agreements and disagreements of the perspectives of the characters, and their events which show the intellectual development and knowledge of the characters and events, the self-and-subjective reasons behind the continued rise of events, especially since these analyses have not been conducted in the past. On the other hand, one of the most important and vibrant aspects of all

human societies is culture as a basis for human life and harmony with its surroundings.
At the same time, as a general framework for knowing and being familiar with the structure and nature of individuals and communities, at the same time to recognize all the human phenomena and events that are happening in the communities.
From this point of view, through Kurdish novels, we want to have a look at the cultural differences in the context and geography of Kurdistan between different cultures and neighbors, and have recorded a history of coexistence and ideological and religious conflict.
One of the new works in this field is the novelist (Sabir Rashid), as a large scope of the novel, but the main events is based on cultural differences and numerousness, while the novel has not been thoroughly researched, so it will have its own importance and importance in this field.

---

## الأبعاد الثقافية في رواية " سيف موسى " للروائى سابير رشيد

**الملخص**

لو كانت الرواية في القرن التاسع عشر في أوروبا خدمت الإنسان بشكل كبير وكانت منصة لظهور مفهوم الوطنية وبناء الدولة الوطنية، ففي الوقت الحاضر تسير الرواية في اتجاه آخر مهم، تخطو نحو العالمية الفكرية والثقافية، بشكل أنها في ذاتها تطور رؤى و وجهات النظر المعاصرة، بحيث أن كل الثقافات يمكنها أن تعبر عن وجودها وذاتها من خلال هذه الطريقة، بناء على ذلك ومن أجل إظهار و تصوير الجهود المستمرة للروائيين الكورد، وبالاستناد إلى الروايات الكوردية، للكشف عن رؤية و تفكير الإنسان الكوردي، وبالنظر لرؤية ووجهة نظر الآخرين، في ثقافات الأوطان المختلفة في العالم، نحاول أن نقدم كل الرؤى و وجهات النظر المختلفة من خلال الرؤية الخاصة للروائي الكوردي، بحيث نحاول أن نعرض صورة الاختلافات الثقافية، القيم و المقايس المادية والمعنوية للإنسان، رؤية والتوافق وعدم التوافق للممثلين، أجواء التنمية الفكرية والمعرفية للممثلين والأحداث، الأسباب الذاتية والموضوعية وراء المد الدائم للأحداث بالتفاصيل الدقيقة، خاصة أن الباحثين لم يقوموا بكتابة بحث كهذا بالتفاصيل الدقيقة في الماضي، ومن جانب آخر واحد من المبادئ المهمة الحية في المجتمعات كلها في الوقت الحاضر هي

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(الثقافة) كمبدأ للحياة و انسجام الإنسان مع من حوله، وأيضا كإطار عام للاطلاع والمعرفة في مكونات وطبيعة الفرد والمجتمعات، وأيضا لمعرفة كافة المظاهر البشرية والأحداث المختلفة التي تحدث في المجتمعات.

على ضوء ذلك أردنا في هذا البحث من خلال الرواية الكوردية أن نرجع إلى هذه الاختلافات الثقافية التي وجدت في إطار جوغرافيا كوردستان بين الثقافات المختلفة مع الثقافات المجاورة، سجلت تاريخا من التعايش والصراع الفكري والديني، واحد من الانتاجات في هذا المجال هو ( سيف موسى) للروائي (سابير رشيد)، مساحة كبيرة في هذه الرواية، حتى الحبكة الرئيسية للأحداث مبنية على اختلاف و وفرة الثقافات، ولم تكتب عليها بحث دقيق، لذا فإن هذا البحث سيكون له أهمية كبيرة ودور مهم في هذا المجال.